فستیڤاڵی یادی کۆمەڵەی ئافرەتان لە کەلار

لەژێر دروشمی (نە کۆیلەم، نە یاخیم، تەنها یەکسانیم دەوێ)

ن.ڕەسوڵ قادری

بە بۆنەی (10)ی مارس‌و یادی یۆبیلی زێڕینی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان، لقی کەرکوکی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان فستیڤاڵێکی هونەری‌و ئەدەبی لە شارۆچکەی کەلار لە رۆژی 12 / 3 / 2002 رێکخست.

سەرەتای فستیڤاڵەکە، کاتژمێر 9/30 ی سەر لە بەیانی بەڕێز (دایکی ئامێز) سکرتێری کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان پێشانگایەکی تایبەتی لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی کەلار کردەوە، بە بەشداری ئەم کچە هونەرمەندانە (بەیان ستار، نیان حەمە حەسەن، شیلان ساڵح، شەونم سدیق، کوێستان مانی) شایانی باسە بەڕێزان (ئەبو کاروان) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و سکرتێری کۆمیتەی پارێزگای کەرکوکی حزبی شیوعی کوردستان‌و خاتوو (نەجیبە مەحمود) ئەندامی سکرتارییەتی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان‌و، لێپرسراو و ئەندامانی لقی کەرکوکی کۆمەڵەی ئافرەتان‌و جەماوەرێکی زۆری ئەم دەڤەرە ئامادە بوون.

هەمان رۆژ کاتژمێر 30/ 10 لە هۆڵی یەکێتی هونەرمەندانی کەلار بەشی دووەمی بەرنامەکانی فستیڤاڵەکە دەستی پێکرد. سەرەتای فستیڤاڵ دەقیقەیەك بۆ گیانی پاکی ئەو ئافرەتانە کە بوونە قوربانی گەل‌و نیشتمان وەستان پاشان وتاری سکرتارییەتی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان بەم بۆنەوەیە لە لایەن خاتوو (نەجیبە مەحمود)ەوە خوێندرایەوە.

دوا بە دوای ئەویش چەند وێنەیەکی دۆکومێنت لەسەر کارو چالاکییەکانی لقی کەرکوکی کۆمەڵەی ئافرەتان نمایش کرا.

پاشان دوو گۆرانی پێشکەش کران لە لایەن هونەرمەند خاتوو (دەریا خالید‌و شنۆ سدیق) پاشان کاتژمێر 30 / 2 پرۆگرامی پاش نیوەڕۆی فستیڤاڵی کۆمەڵە دەستی پێکرد سەرەتا نمایش کردنی دوو شانۆگەری (گومان)و (یەکسانی) کە باس لە مەینەتی‌و باوکسالاری دەکرد...

دوای ئەم شانۆگەرییانە سێ هۆنراوە خوێندرایەوە لە لایەن شاعیران (ژیان قەرەداغی، خاتوو فریشتە‌و مامۆستا نەجم هۆگر).

دوای ئەوانیش دوو تابلۆی هەڵپەرکێ پێشکەش کران لە لایەن تیپی هەڵپەرکێی چوار چرای سەر بە یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق.

لە کۆتایی فستیڤاڵەکە وتاری لێژنەی باڵای فستیڤاڵەکە خوێندرایەوە‌و خەڵاتی رێز لێنان بەسەر بەشداربووانی ئەم فستیڤاڵە دابەش کراو فستیڤاڵەکە تاکو کاتژمێر 15 / 5 بەردەوام بوو. لەناو جەماوەرێکی زۆری شارۆچکەی



دکتۆرە نەوال سەعداوی

لە نێوان من‌و دەسەڵاتدا هیچ رێککەوتنێك نەبووە

و: هێرۆ محەمەد

- رات چییە سەبارەت بەو داوایەی کە سەبارەت بە جیابوونەوەی بەڕێزت‌و هاوسەرەکەت درایە دادگای میسر؟

+ کاتێك نووسەر یان رۆمانووسێك، بیری تازە دەخاتە روو، لای ئێمە وەك داهێنانێکی نوێ تەماشا دەکرێت، هەندێك کەس کە لە ئایینی ئیسلام تێنەگەیشتوون وا تێدەگەن کە زیان بە ئایین دەگەیەنێت، سەبارەت بە جیابوونەوەی من‌و هاوسەرەکەم، هەر لە سەرەتادا وتمان ئێمە جیا نابینەوە، هیچ هێزێکیش نییە لەسەر رووی زەوی بتوانێت لە یەکتر جودامان بکاتەوە، مەسەلەکەش لە بەرژەوەندی ئێمە کەوتەوە، ئەمەش سەرکەوتن‌و گەواهی دانە بۆ دادگای میسر کە هێشتا بە چاکی بیر دەکاتەوە.

- هۆی چییە حکومەتی میسری نارازییە لە نووسین‌و بیرکردنەوەکانت؟

+ ئەمە شتێکی ئاساییە، لە بوونمەوە تا ئەمرۆ کە تەمەنم 70 ساڵە لە نێوان من‌و دەسەڵاتدا هیچ رێککەوتنێك نەبووە، لەبەر ئەوەی دژە بۆچوونێك هەیە لە نێوان بەرژەوەندییەکانی حکومەت‌و بەرژەوەندییەکانی گەل،ئەمەش شتێکە لە هەموو جیهاندا باوە، دژ بوونێکی خۆرسك هەیە لە نێوان حکومەت‌و گەل، لێرەشدا رۆڵی رۆشنبیران دەردەکەوێت لە ئافرەتان‌و پیاوان بۆ روونکردنەوەی زانستەکان، چونکە حکومەتەکان مەبەستییان نەزان کردنی گەلە، گەلی نەزانیش زۆر بە سانایی حوکم دەکرێت، لێرەدا دژەکە دروست دەبێت لە نێوان سەرجەم حکومەتەکان‌و گەلەکانیان ئەمەش کێشەیەکی گشتییە.

- ئایا پێت وانییە ئەو ئافرەتە ئازادانەی کە بانگەشە بۆ رزگاری ئافرەت دەکەن، بە رێژەیەکی زۆر لاسایی کردنەوەی هەڵەکانی فەلسەفەی خۆرئاوایە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خێزان‌و پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگادا؟

+ بیرۆکەی ئازادی ئافرەت بیرۆکەیەکی مرۆڤایەتییە، لە نێوان خۆرهەڵات‌و خۆرئاوادا هیچ جیاوازییەکی نییە، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، ئافرەتان‌و هەژاران بەرەنگاری کۆیلایەتی بوونەتەوە، ئێمەش لاسایی فەلسەفەی خۆرئاوا ناکەینەوە کاتێك داوای ئازادی ئافرەت دەکەین.

- رۆڵی تۆ چییە سەبارەت بەوەی کە لە فەلەستین روودەدات؟

+ عەرەب لە کوێیە؟ حکومەتەکان.. گەل.. لەکوێن؟ ئەمە تەنها رۆڵی من نییە، ئێمە لە جەنگەڵێکدا دەژین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکات، کوا میلیشیا عەرەبییەکان؟ ئایا نەوال سەعداوی بجەنگێت؟ من بە پێنووسەکەم دەجەنگم. تەمبەڵییەك هەیە. کوا یەکێتی عەرەب؟ پەرت بوونێك بەدی دەکەم. من دژی سادات بووم زیندانی کرام، سەردەمی کامب دیڤیدیش من بۆ خۆم دەجەنگام نەك بە تەنها بۆ فەلەستین.

- تۆ دژی پیاویت؟

+ نەخێر، من لەگەڵ پیاوو ئافرەتی رووناکبیردام، لەگەڵ حکومەتی دادپەروەردام، من دژی ئافرەتی نەزانم کە بەرەنگاری زانست‌و فێربوون دەبێتەوە، هەروەها دژی ئەو پیاوەم کە هاوسەرەکەی دەچەوسێنێتەوە‌و بەرەنگاری زانست دەبێتەوە.

- تێگەیشتنی تۆ بۆ ئازادی ئافرەت چییە؟ ئایا ئازادی سنووری هەیە؟ ئەگەر هەیەتی چۆن دیاری دەکرێت؟

+ئازادی بۆ پیاوو ئافرەت هەمان شتە، مانای بەرپرسیارێتییە.

- ئەو پریشکە چییە کە بەڕای تۆ ئەگەر هەڵگیرسێ شۆڕشێك بەرپا دەکات بۆ گۆڕینی ئەو بەهایانەی کە ئافرەت‌و پێشکەوتنی ژیاری کۆت‌و بەند دەکات، وا دەکات ئافرەت کاروباری خۆی بەڕێوە ببات؟

+ بەڕای من ئەوانەی لە ئێستادا روودەدەن، خۆی لە خۆیدا پریشکە، رۆژانە پریشکێکی نوێ دروست دەبێ کە داب‌و نەریت دەگۆڕێ، نەوەی نوێ دڵ خۆشکەرن، تیایاندا کۆمەڵێك نووسەری چالاك هەیە لە ئەو پەڕی جوانیدان، هەوڵەکانم بە هەدەر نەچوون، زۆر لەو نەوەیە بە نووسینەکانم کاریگەر بوون، رۆژانە ژمارەیەك لاوی کچ‌و کوڕ سەردانم دەکەن تا لە نزیکەوە ئاگاداری کارەکانم بن.

- سوپاس

+ سوپاس بۆ تۆش.

تێبینی:
ئەم گفتوگۆیە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دراوە.

سەرچاوە:
رۆژنامەی (نظال المرأة) **ژمارە** (6)**ی ئاداری** 2002

منداڵان لە وڵاتی سوید لەناو خێزانی دەستکورت‌و هەژاردا دەژین!

ئەحمەد رەجەب

سوید وڵاتێکی سەرمایەداری پێشکەوتووەو، لە زۆر رووەوە بایەخی بە ژیان‌و هەڵسوکەوتی منداڵان داوە‌و، بۆ نموونە هەر منداڵێك مانگانە مووچەی تایبەتی وەردەگرێت‌و، هەموو شتێکی بۆ دابین کراوە وەك: باغچەی منداڵان، قوتابخانە، خەستەخانە‌و چاودێری پزیشکی بە خۆڕایی، یاریگای جۆر بە جۆر لە هەموو قوتابخانە‌و گەڕەکەکان‌و هتد.....

ژیان لە وڵاتانی سەرمایەداریدا سەخت‌و ئاڵۆزەو، پڕە لە گیروگرفتی هەمە رەنگە، لە لایەك بێکاری‌و، لە لایەکی ترەوە گرانی گوزەران‌و خۆراك‌و شتومەك. لاتان سەیر نەبێت ئەگەر ئاماژە بۆ نووسینێك کە لە رۆژنامەی داگینز نیهێتەری سویدی (Dagens Nyheter) لە رۆژی 18 / 3 / 2002 دا بکەین سەبارەت بەوەی لە 20٪ی منداڵان لە سویددا لە ناو خێزانی نەدارو دەستکورت‌و هەژاردا ژیان بەسەر دەبەن. باری ئابووری وڵات لە خراپە‌و بەرەو خراپتر دەڕوات بە پێی لێتوێژینەوەیەك کە پرۆفیسۆر " تاپیۆ سالۆنین" (Tapio Salonen)و منداڵان بپارێزن‌و رزگاریان بکەن "Radda Barn" پێی هەستاون باری منداڵان بە تایبەت منداڵانی ئاوارە‌و پەناهەندەکان تا دێت بەرەو خراپتر دەڕوات بە پێی بەڵێننامە‌و رێکەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو منداڵان لە جیهاندا وەك یەکن لە رووی مافەوە، هەروەها لە هەڵسەنگاندندا یەك نرخیان هەیەو، پێویستە هەموو شتێکیان بۆ دابین بکرێت.

لە ساڵی 1999 دا "400000" (هەزار) منداڵ لە ناو خێزانی هەژاردا دەژیان. ئەمرۆ سەرەڕای پێشکەوتنی وڵاتی سوید لە زۆربەی بوارە ئابوورییەکان وەك سەرمایەدارەکان باسی لێوە دەکەن هەر لە نێوان 5 منداڵدا یەکێکیان بە شێوەیەکی باش‌و ئاسا ژیان بەسەر نابات، چونکە لە ناو خێزانی هەژاردا دەژیت. بەو پێیە 340000 (هەزار) منداڵ بە هەژاری دەژین.

ئانیکا ئۆهنبێرگ Annika Ahnberg سەرۆکی "منداڵان بپارێزن" لە لێکۆڵینەوەیەکی نیشتمانیدا قسە‌و بۆچوونەکانی پرۆفیسۆر تاپیۆ سالۆنینی سەلماند ئانیکا دەڵێت:

ژیانی منداڵان زۆر باش نییە‌و بەرەو خراپتر دەڕوات. دەتوانین بڵێین باری لە 24٪ی منداڵان لە سویددا باش نییە. دیارە جیاوازی لە نێوان کۆمۆنەکاندا (شارەوانییەکان) هەیە‌و دەتوانین بۆ روونکردنەوە ئەم نەخشەیەی خوارەوە بخەینە روو:

بەشی زۆر:
شاری مالمۆ Malmo 37،8
شاری بوتشیرکا Botkyrka 34،3
شاری لاندسکرۆنا Landskrona 28،7
شاری یۆتێبۆری Goteborg 27،9
شاری ئۆدێسهۆگ Odeshog 24،8

بەشی کەم:
شاری نیکڤارن Nykvarn 5،5
شاری ئۆڤێرکالیکس Overkalix 6،8
شاری تێبی Taby 7،1
شاری شێڤیلنگە Kavlinge 7،5
شاری لۆما Lomma 7،5

ئەگەر باری منداڵان لە سویددا بەو شێوەیە خراپ بێت، دەبێت منداڵان لە وڵاتانی تردا چۆن بێت؟ منداڵان لە سوید خاوەنی هەموو شتێکن‌و، بۆ نموونە کەس (تەنانەت باوك‌و دایك) ناتوانن بە شێوەیەکی نەگونجاو دەستیان بۆ ببەن‌و، هەمیشە جێی رێزو خۆشەویستین لە قوتابخانە لێدان قەدەغەیە، بەیانی‌و نیوەڕۆ خواردنیان دەدرێتێ.

سوید وڵاتێکی سەرمایەدارییەو، هەموو نەخۆشییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری بە تایبەتی بێکاری رووی تێدەکات، بەهۆی بێکاری زۆر لە خێزانەکان ناچار دەبن پەنا بۆ یارمەتی بەشەکانی کۆمەڵایەتی ببەن‌و، ئەو یارمەتییەش زۆر کەمەو، بەشی پێداویستییەکانی ژیان ناکات‌و، زۆر لە خێزانەکان لەژێر سنووری مەرجەکانی ژیانێکی مام ناوەندی بژێوی خۆیان مسۆگەر دەکەن. سەبارەت بەم رواڵەتە زۆربەی رۆژنامە‌و بەشەکانی میدیاو راگەیاندن‌و رادیۆ، تەلەفزیۆن لەسەریان نووسی‌و کەوتنە باس کردنی‌و، گەڕان بە دوای چارەسەری بۆ ئەوەی تەشەنە نەکات‌و، بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆز نەبێت.

خێزانی کوردو کۆمەڵگای کوردی

دلێر تەنیا

خێزان یەکەی پێکهاتنی ژیانە. پێکهێنانی خێزان پێکهێنانی ژیانە، بۆیە زۆربوون لەگەڵ مردن‌و لە ناوچووندا تەواوکەری یەکترین.

لێرەدا تۆ بۆ ئەوەی رێژەی مردن‌و لە ناوچوون بگەڕێنیتەوە پێویستت بە پێکهێنانی خێزانە کە بە کرداری زۆربوون هاوکێشەکە یەکسان دەبێت. ژیانی ناهەمواری چەند ساڵەی کۆمەڵگای کوردی بە هەموو توێژەکانییەوە جۆرە پەردەیەکی بەرووی تاکەکانی داوە کە نەتوانێت راستییەکان بەدی بێنێت. بیرو بۆچوون‌و قودسیەتی پیاوماقووڵانی ئەو سەردەمەش لەژێر جۆرەها ناوی وەکو ئاغاو شێخ‌و ریش سپی‌و باوك..... هەردەم هۆکار بوونە بۆ سەر تاکی کوردی کە کردوویانە بە تاکی بستە باڵا. دیارە پێکهێنانی خێزانیش لە کۆمەڵگایەکی وادا کە وڵاتانی دراوسێ‌و پیاو ماقوڵانی ناوخۆشی تاکەکانی سڕ کردبێ بە عەقڵێکی دواکەوتوویی‌و کچ بەزۆر بە شوودان‌و لە بری خوێن‌و پوش‌و ....، (نەك هەر کچان کە زۆر جار باسی کچان دەکرێت، بەڵکو زۆر جاریش کوڕان بە هەمان شێوە لە تەمەنێکی منداڵیدا بەزۆر ژنیان بۆی هێناوە‌و بەبێ ئارەزووی خۆی. رەنگە تەماعی زۆری لەپشتەوە بێت).

نەتوانراوە ئەو خێزانە بە هەق خێزان بێت‌و هەموو مەرج‌و بنەماکانی خێزانی تەواو تێدا بێت.

زۆر جار لەبەر نەبوونی رۆشنبیری خێزانی ئەم کردەوانە پشتاو پشت دووبارە بووەتەوە. تەنانەت خێزانە نوێییەکەش هەمان دەرد و نەخۆشی خێزانە قەیرەکەی گرتووە کە لێیەوە هاتووە‌و لە بیری چووە کە رۆژانێك هەبووە ئەمیش کوشتەی دەستی چەند کەسێك بووە. تا سەر ئێسقان بە هەڵەی دا بردووە. کەچی خویشی دەبێتە سانسۆر لە بەردەم ئازادی ماڵ‌و منداڵەکەیدا. هەمان کردەوەی ناماقووڵ دووبارە دەکاتەوە.

یان لە کۆندا مەرج دانراوە لەبەردەم خێزانی نوێدا کە دەبێت زۆرترین رێژەی منداڵ بەرهەم بهێنرێ. لەگەڵ ئەو رێژەیەشدا زۆرینەی کوڕ بێت. دیارە ئەمەش بە چاوی سوود و قازانجەوە سەیریان کردووە. بۆ خۆپاراستن لە هەڕەشەی لە ناوچوون لە لایەن هۆزو تیرەکانی ترەوە. بۆیە پێیان وابووە ئەگەر کوڕیان زۆر بوو دەتوانن مسۆگەر بژین. ئاسەواری ئەو جۆرە رەفتارانەش دیسان بەسەر نەوەکاندا دەشکێتەوە‌و ئەوان پێی ناشیرین دەبن. ئەوان بێ هێز دەبن. ئەو کاتە دەبێتە تاکی پێنەگەیشتوو. هەر ئەمەش وای لێ دەکات پەنا بباتە بەر کاری نارەواو ناشایستە‌و سەری ئەو خێزانە‌و کۆمەڵگاش دەخوات.

هەر کاتێك‌و لە هەر کۆمەڵگایەکدا رێژە کرا بە مەبەست‌و بیر لەوە نەکرایەوە کە کەمینەیەکی بەهێزو پێشکەوتوو زۆر باشترە لە زۆرێکی بۆری هیچ پێ نەبوو لە ناخەوە ئەوا یەکەی پێکهاتنی کۆمەڵایەتی کە خێزانە تووشی داتەپین دەبێت.

ئەگەر نەتوانرا خێزانی رۆشنبیر پێك بهێنرێ ئەوا تاکی رۆشنبیریش دەگمەن دەبێت بە پێچەوانەشەوە بۆ پێکهێنانی خێزانی رۆشنبیر پێویستت بە تاکی پێگەیشتوو هەیە. نەبوونی ئەو رۆشنبیرەش تەنها لە ئەستۆی پیاودا نییە، یان با ئێمە وا فێر نەبین هەرچی پیاو کردی خراپە‌و هی ئافرەت باشە. (هەر وەکو چۆن پێمان نارەوایە ئەوەی پیاو بیکات باش‌و هی ئافرەت خراپ بێت).

رەنگە هەندێ جار تێك چوونی شیرازەی خێزان بەهۆی ئافرەتەوە بێت. زیاتر ئافرەتەکە هیچ فێر نەکراوە‌و کراوە بە کۆیلە. ئەگەر شتی واش بێت ئەوا دیسان تاوانی کۆمەڵگاو پیاو ماقووڵانیەتی چونکە ئەوان خێزانیان کردووە بە کارگەی بەرهەمهێنانی منداڵ‌و بەرهەمەکەش دیاری کراوە لەڕووی ژمارە‌و جۆرەوە.

رەنگە هەندێ جاریش باسی ئەوە کرابێت کە خەڵکی ئەو کات لەگەڵ ئەو هەموو دواکەوتوویەدا هێشتا رێژەی تیرۆرو تۆقاندن نەگەیشتبوو بەو ئاستەی کە کۆمەڵگای ئێستا ئەنجامی دەدات. منیش لەگەڵ ئەو رایەدام بەڵام کۆمەڵگای ئەوکات زۆر ئاسەواری لەسەر ئافرەت جێی هێشتبوو. ئافرەت نەیدەتوانی داکۆکی لە مافی خۆی بکات بۆیە ئەگەر کردبێتیشی‌ئەوا یەك دوو هەفتە بووە پاشان رازی بووە بە قسەکەی باوکی یان برا خەنجەر بەدەستەکەی. بەڵام ئەمرۆ ئافرەتی کورد بە رەنگێکی ترەوە دەرکەوتووە. ئەمرۆ ئافرەتی کورد خاوەنی هەندێ وەعییە کە دەتوانێت بە سوود وەرگرتن لە رێکخراوەکانی (ژنان- ئافرەتان) خۆی بدۆزێتەوە. بۆیە دەتوانێت لەسەر هەقی خۆی پێداگرێ. هەر ئەوەش وای لێدەکات کە تیرۆر بکرێ‌و ئەتك بکرێ. ئەگەرچی رەنگە ئاسەواری ئەو بەلایەش بەسەر ئافرەتان‌و کچانی ئەمرۆ دیار بێت. وەکو خۆسووتاندنی ئافرەتان. بۆیە بە پلەی یەکەم ئەرکی ئافرەت خۆیەتی خۆی بدۆزێتەوە‌و تاکیش بە هەردوو رەگەزەکەیەوە بکرێت بە تاکی کامڵ تاکو خێزانی نوخبە بەرهەم بهێنرێت.